www.kurdistannet.org
14-11-2005 22:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەک لە ئاسۆی پەیامنێرەوە بۆ (کاروان لەتیف) لە تەکێیەکەی مەنسوور حیکمەت



لەم ڕۆژانەدا لە سایتی (کڵاو رۆژنە) دا نووسینێکم بەرچاو کەوت لە ژێر ناوی وەڵامێکی کورت بە تێزەکانی شەمزینانی، لەڕاستیدا زۆر خۆشحاڵ بووم کە نووسینەکانی (شەمزینی) هاوڕێم لەسەر (حككع) گفتوگۆیەك دروست بكات، بەڵام كاتێك نووسینەكەی (کاروان لەتیف) م خوێندەوە بەڕاستی زۆر پێکەنیم، دیسانەوە برادەرە کۆمۆنیستە کرێکاریەکان بەو شێوازە سواو و قین لەدڵەی خۆیان وەڵامیان بە (شەمزینانی) داوەتەوە، ئەم برادەرە کۆمۆنیستە تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەی نەکردووە کە (شەمزینی) هەموو بەشەکانی لێکۆڵینەوەکەی بڵاو بکاتەوە، بی ئەوەی ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات، بەپەلە وەك ئەوەی هەنگوینی لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە کەوتۆتە پەلاماردانی (شەمزینی) . کاروان لەتیف کە برادەرێکی کۆمۆنیستی کرێکاریە لەسەرەتای نووسینە کورت و کرچ و کاڵەکەیدا دەڵی تێزەکانی شەمزینی ناچاری کردووم کە وەڵامێکی کورتی بدەمەوە.
لەسەرەتاوە وەك كارێكی سیخوری دەڵێت (ستیڤان) ناوی (کاروان) ە، هەروەها دەڵی بۆیە ناوەکەیم درکاندووە چونکە دڵنیام زیانێکی بۆ سەر سەلامەتی ئەو نابێت، من بەو برادەرە کۆمۆنیستە کرێکاریە دەڵێم کە کاك (ستیڤان) دەیان بابەتی بڵاوکردۆتەوە، لەهەموو بابەتەکانیشدا وێنەی خۆی دابەزاندووە ئیتر ناو هێنانی چ پەیوەندیەکی بەسەلامەتییەوە هەیە.
دڵنیام ئەم ناوهێنانەی کە تۆباسی لێوەدەکەی تەنیا وەك ڕقێك بەرامبەر (شەمزینی) بەکاریدەهێنی، جگەلەوەی کە (ستیڤان) هەر لەسەرەتاوە بەم ناوەوە نووسیویەتی و هاوکات سەرنووسەری رۆژنامەی (نێوەند) یشە هەر لەژێر ناوی (ستیڤان شەمزینانی) .
ئەم هاوڕی کرێکاریە دەڵی (شەمزینی) لەبەشی چوارەمی باسەکەیدا کۆمەڵێك بوختانی درکاندووە و پێمان دەڵی ئەمە قابیلی نییە، ئەم جەنابە کەللە شەکری ئەوە دەشکێنێت کەڕەخنەگرتن لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەقەولی خۆی هەموو خەڵکی کوردستان شایەتی ئەم ڕاستییەن.
من پێم باشە بەم جەنابە کرێکاریە بڵێم کەمێك چاوی بکاتەوە و ڕاستییەکان ببینێت کەشارەکانی کوردستان هەرگیز ئەم شایەتییە بۆ ئەم گروپە بچوك و کەنارگیرە نادەن، بەڵکو بەگروپێکی هەرزە و سەرلێشێواو ناویدەبەن، ئەگەر وانییە فەرموون بابەبەڵگەوە بیسەلمێنن.
گەر دەڵێن وانییە ئەوە نمونە زۆر هەیە، کە ئەم ڕاستییە بەجەنابت و ئاغاکانت دەسەلمێنن، ئەوەشی کەباسی دەکەیت کە خۆت و گروپەکەت ڕەخنەگرتن بەکارێکی تێکدەرانەو عەجایب لە قەڵەم نادەن، دیسانەوە پێتدەڵێم لەمەشیاندا زۆر بەهەڵەدا چوویت.

من لەوە زۆر دڵنیام و بەئەزموونی (6) ساڵ لەگەڵ ئێوەدا گەیشتمە ئەو ڕایەی كە گروپەكەی ئاغای مەنسوور حیكمەت، بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە ئازادی ڕادەبڕین نادەن و ڕەخنەگرتن لەسەرانی گروپەكەت كارێكی ئەستەمەو هەر ئەندامێكی ئێوە ڕەخنەی بگرتبایە یان دەبوو تۆبەی بكردایە یان لەنێو ڕیزەكانتاندا وە دەردەنراو تۆمەتی جاسوس و دزو پیاو خراپتان بۆ هەڵدەبەستن و ڕێكخستنەكانتان ئاگادار دەكردەوە كە هیچ ئەندام و دۆستێكی حیزب نابێت هاوڕێیەتی و دۆستایەتی كەسی دەركراو بكات.
(كاروان) ی حیكمەتی دەڵێت لەنێو حیزبی كۆمۆنیستدا بوونی ئارای جیاواز و ڕەخنە لە خۆگرتن تەندروستە و شادەماری هێشتنەوەی زیندوێتی ئەو حیزبەیەو هەروەها بەپێچەوانەشەوە نەبوونی ڕەخنەو بۆچوونی جیاواز ناتەندروستەو دەبێتە هۆی كوشتن و دۆگماكردنی حیزب.
لەم خاڵەدا زۆر لەگەڵ (كاروان لەتیف) دا یەكدەگرمەوە، بەڵام پرسیارێك دێتە پێش و ڕووبەڕووی (كاروان) و گروپەكەی دەبێتەوە، پرسیارەكەش ئەوەیە كە ئایا كاروان و خێڵەكەی نەگەیشتوونەتە ئەو ڕایەی كە ئێستا لە گۆشەگیری و دۆگمایدا گروپەكەیان كەنار كەوتووە؟.
ئەم گروپە لەساڵی (2000) دا كاتێك لەگەڵ هێزەكانی ئاسایشی (ی. ن. ك) دا كەوتنە شەڕەوە لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنەكانیانەوە وایان ڕاگەیاند ئەوان لەسەنگەری دیفاع لە خەڵكی كوردستان بوون، بۆیە لێیان درا و ئازادیان لێسەندرایەوە، تائێرە قبوڵمانە، باشە ئەگەر ئێوە لەسەنگەری دیفاع بوون لەخەڵكی ئەی بۆچی خەڵكی بەدواتان نەكەوت؟ بۆچی سەرانی گروپەكەت بەرەو هەندەران هەڵهاتن؟ بۆچی ئەو گەنجە هەژارو ڕەشو ڕووتەكانیان بەجێهێشت كە دوای گروپەكەتان كەوتبوون؟ جگە لەمەش خێڵەكەی جەنابت گوێیان لەهیچ كەسێكی دڵسۆز و ئەندامان و كادرانی خۆشیان نەگرت و تەواوی خەڵكە دڵسۆزو ڕۆشنبیرەكەتان كردە دەرەوە، و بەخائین و جاسوس و دزو جەردە ناوزەدتان كردون و ئێستاش جەنابتان دەتەوێت خۆڵ بكەیتە چاو خەڵكەوە و بەخەیاڵی خاوی خۆت دەتوانی بەم قسە بی ناوەڕۆكانەت ڕاستیەكان بشاریتەوە.
هەنووكە خۆتان لی بۆتە فریشتە و پێتان وایە ئەوەی لەگەڵ ئێوە بێت حورمەت و شەخسیەتی پارێزراوە و مامەڵەی مرۆڤدۆستی لەگەڵ دەكرێت و ئەوەشی لە دەرەوەی ئێوە بێت بی حورمەتی پێدەكرێت، وەك جەنابت بە (شەمزینی) دەڵێیت، كە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ئێوە خۆتان بەخاوەنی ڕاستی ڕەها دەزانن و ئەوەی لەدەرەوەی ئێوە بێت كاڵفام و نەزانە، ئەمەش جارێكی تر ئەوە دووپات دەكاتەوە كە ئێوە دۆگمان و باوەڕتان بە ئازادیی و ڕەخنەگرتن نییە.
ئەگەر جەنابت یەك تۆز چاوت بكردایەتەوە و كەمێك ئارامت بگرتبایە تا كاك (شەمزینی) تەواوی بەشەكانی دیكەی بڵاو دەكردەوە، لەو ڕاستییە دەگەیشتی كە (شەمزینی) وەك كۆمەڵێك بەگروپەكەت ئەو تێزانەی نووسیووەو لەسایتی نزیكی حیزبەكەتان (بۆ پێشەوە) بڵاوی كردۆتەوە.
نووسینەكەی جەنابت جگە لەقین و هێرشی ناڕەواو خستەپاڵ (شەمزینی) هیچی تری تێدانییە و وابزانیشم (ستیڤ شەمزینانی) ش پێویستی بە ئامۆژگاری جەنابت نییە تا بەقەولی خۆت كۆمەكی بكەیت، وە دڵنیاشم لەوەی كەجەنابت كاك (شەمزینی) ناناسی و ئەگەر تەنانەت خوێنەریش بوویتایە نەك نووسەر بابەتەكانی تری (شەمزینی) ت دەبینی، لەوەش دڵنیا بە كەسێكی مرۆڤدۆست و ڕۆشنبیر بەرامبەرەكەی بەبی عەقڵ و موخابەرات لە قەڵەم نادات، ئەم نووسینە كاڵ و كرچەشت تەنیا بۆ ڕازی كردنی دڵی ئاغاكانتەو بێگومانیش بەهیچ پاداشتێك وەرناگریت و هیچ سوودێكیش بەخێڵەكەت ناگەیەنێت.